# بانگەوازێك بۆ نووسەران و هونەرمەندان و ئازادیخوازانی كورد لە كەنەدا

كازیوە سالح

بەڕێزان كێشەی كچە پاكیزە فرۆشراوەكانمان بە وولاتی میسر كیشەی ئەمڕۆمان نیە و دوو ساڵە هەتا ئێستا نەبووە بە غەمی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی كورد و كۆمەڵە و ڕێكخراوە جیاجیاكان جگە لە ریكخراوی چاك و كۆمەڵێ رۆشنبیر و نووسەری ناوەندی راگەیاندن و ڕوناكبیری كوردی . ئەوەشی هەتا ئێستا كراوە زیاتر لە چوارچیوەی جیهانی كوردی و زمانی كوردیدا بووە و نەمانتوانیوە ببین بە خاوەنی گووتاریك و ئەو گووتارە بكەین بە زمانە جیاوازەكانی جیهان و بیدەین بە گۆیٚ جیهاندا, ئێمەی كورد هەتا ئەمرۆش بە چ شیۆەیەک ئەتک دەكرێن و ئەوەی كردوومانە نەیتوانیوە چارەنووسی 18 كچی بە بەڵگەوە فرۆشراومان بە شوێنە گوومان لیكراوەكان و سەماخانەكانی میسر بۆ ئاشكرا بكات .

لە ئێستادا كۆمەڵەی چاك بانگەواز دەكات ئەو كیشەیە لە ڕۆژی ئەنفالدا بە جیهانی بكریت , من وەكو كەسیک ئەو مەسەلەیە هەناوی دەرزی ئاژن كردووم , خوازیارم لەهەموو ئەو كوردە بە ئەمەک و مرۆڤ دۆستانەی لە وولاتە جیاوازەكانی جیهاندا دەژین و بیٚ گوومانم زۆربەیان لە ئیمە زیاتر بە تەنگ ئەو مەسەلەیە و دیێن , بتوانن چەندین ووتار بە زمانە جیاوازەكان سەبارەت بەو كیشەیە وەرگیڕنە سەر زمانەكانی جیهان و لە میدیاكانی جیهاندا بلاوی بكەنەوە .

هەروەها داواكارم لە سەرجەم رۆشنبیران , نووسەران و هونەرمەندان و ئازادیخوازانی دانیشتووی كەنەدا , لە رۆژی 14-4 دا و لە گەلٚ بانگەوازەكەی چاكدا , لە رۆژێكی كارو ئەركەكانی خۆمان تەرخان بكەین بۆ كچە فرۆشراوەكانمان بە میسر و لەو رۆژەدا هەمووان ڕوو بكەینە ئۆتاوای پایتەختی كەنەدا , بۆ فشار خستنە سەر هەردوو سەفارەتی میسری و عیراقی بۆ بەرگری كردن لە داواكانمان و دیاریكردنی چارەنووسی كچە پاكیزەكانمان .

ئەوەش بچووكترین ئەركە بتوانین پیێ هەستین , بە تایبەتی كوردانی دانیشتووی كەنەدا , كە بەداخەوە لە كوردانی دانیشتووی سەرجەم پارچەكانی دی ئەمەریكا و ئەوروویا پەرتەوازەتر و بیٚ دەنگترن لە ئاست كارەساتەكان و خاوەنی گووتاریكی مرۆیی یەكگرتووی نین بۆ داكركی كردن لە كیشەكانمان , خوازیارم كیشەی كچە ئەنفالكراوە فرۆشراوەكانمان بمان كات بە خاوەنی گووتاریكی یەكگرتوو و بتوانین لەو رۆژەدا كاریگەری پۆزەتیڤ لە سەر ئەو مەسەلەیە دروست بكەین دژ بە كویلە كردنی تاكی كورد و ژنی كورد بە دەستی نەتەوە جیاوازەكان و عەرەبەوە بوەستین .

k.saleh@hotmail.com
Canada – Toronto
March27, 2006